**ئەسماء الله وأفعاله (٩)**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

له خزمەتتان بەردەوام دەبین لەبۆ باسی أسماء الله وأفعاله، له بیدایەت مجموعە قانونەکمان بەحس کرد کە بریتی بوو لە حەفت نوقتە، وە وفقی وەی[مەبەستی مامۆستای حەفت خاڵەکەیە] ئەوەی عیلاقەی به (باری تعالی) وه بوو له مەوضوع لەو حەفت نوقتەیە باسمان کرد، پێنج نوقتەی دی ئەوەی مەڕبوط بوو به خۆمان ئەمه جەمعی موسوڵمانان ئەویش باسمان کرد، ئەوەی عیلاقەی بە باری تعالی هەیە لە قوڕئان واضح و مەکشوفە إن شاء الله ئیحتیاجی به تیکرار ناکا.

ئەوەی مەڕبوطە بە جەمعی مە ئەمەی موسوڵمان کە دەبی لەناو داخیلمان مەوجود بی بە موختەصەر ئیعادەی دەکەمەوە:

یەکەمین: گوتمان أسماء الله وأفعاله هەمووی دەبی بەو کەمیەتەی بەو کەممەی وەبەو حەجمەی کە باری تعالی باسی کردیە دەبی ئەوەندە بەحس بکرێ، سەبەبەکەشی گوتمان داخیلی ئینسان داخیلی ئینسان ئەوە جیهاز باری تعالی بەو نەوعەی خەلقی کردیە، کە خۆی دەیەوێ وە خۆشی خەریتەی چۆنیەتی عیلاقە بەستن بەینی ذات کە ئەمەینە ناومان نرایە ئینسان لەگەر ذاتی خۆی ئەو خۆی خەریتە دادەنێ، خۆی عیلاقەکەش دروست دەکا، لۆیێ دەبی ئیللا باری تعالی جل جلاله خۆی موهەیمن بی لە بۆ تەحویلی خەریتەکەش لە بۆ واقیع.

یەعنی بیلا تەشبیهـ خودا جل جلاله خۆی موهەندیسە خەریتەکەی دادەنێ، وە خۆشی موهەیمنە موهەیمنەکەیە موشریفەکەیە لە بۆ صیغەی تەحویلی خەریتەی لە بۆ واقیع، وەخۆشی ریعایەتی ئەو خەریتەی دەکا لە ئەثنای تەطبیق کردنی، گوتمان داخیلی ئینسان جیهازە باری تعالی دروستی کردیە، تەشبیهمان کرد بەو کاسێتەی گوتمان هەتا بنی کاسێتەکان شکایە، لۆوەی کەس نەتانی شتیتکە ماعەدای ئیرادەی خوای لەسەر طەبع بکرێ، ناویشمان نا فیطرە، ئەو فیطرەیە سویجی جیهازی ئیش پێکردنی بە دەست (رب العالمین)ە، باری تعالی حەقی نەدایتە کەس بێ وفقی ئیرادەی خۆی بە قەناعەتی خۆی بە کەیفی خۆی ئیش بەو جیهازەی بکا، لۆیێ أسماء الله وأفعاله موقەدەسترین عیلمە ئەنبیاء و رسول هینایتیان لە بۆ بەشەریەت، دەبی وفقی خەریتەی خوای بی، وە وفقی ئیشڕافی خوای بێ تەنزیلی بکا باری تعالی خۆی لە بۆ ئەو جیهازەی کە خۆی دروستی کردیە لە داخیل، قیچەك زیاد دان یا کەم کردن خەلەل دروست کردنە لە ناو جیهازەکەی، لۆیێ ئەو چار پێنج قەواعیدەمان دانا، یەکەمین تەرتیبی أسماء الله وأفعاله چۆن لە قوڕئان بە تەرتیبی نزول دابەزیە دەبی ئەوها ئەمە عیلاقە دروست بکەین لەگەل باری تعالی ئەوە نوقطەی یەکەمە.

نوقتەی دووەم: چەند جار ئەو ئیسمە یاخود ئەو فیعلە تیکرار کرابی جیهازی داخیلمان ئەوەندە جار ئیحتیاجی بەو ئیسمە و بەو فیعلە هەیە، چەند جار لەو قورئانەی تیکرار کرابی وفقی تەرتیبی نزول جیهازی داخیلیشمان ئەوەندە ئیحتیاجی بەو ئیسمەی هەیە، یا بەو فیعلەی هەیە، دیسان زیاتر کردنی یا کەم کردنی خەلەل لە ناو جیهازەکەی دروست دەکا، ئەو جیهازەی کە لە ناو داخیلمان داندرایە.

نوقتەی سێ یەم: گوتمان باری تعالی کە ئەسماء و ئەفعالەکانی لە ناوەوەی مەوجودە، ئەوە قورئانە موصحەفە بە لیسانی عەرەب ئەوەی دابەزاندیە نەك بە لوغەی عەرەب، فەرقیشمان کرد بەینی لیسان و لوغە، گوتمان لوغە کابرای بەغدایی ئێستا لە بەغدا بەو زمانەی کە قسان دەکا عەرەبیە پێ ی دەگوترێ لوغە، لیسان جوملەك زۆر شتیتکەیە لەگەل لوغەکەی تێکەل بووە، گوتمان تەئریخە توراثە حەتتا مەلامیحی دەم و چاوی ئینسان لە ئەثنای تەعبیر کردن لە ماددەی خۆی بە لیسان ئیعتیبار کرایە، لۆیێ قورئان لیسانە (بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ)(الشعراء ١٩٥)، نەك بە لوغەی عەرەبی قورئان هاتبتە خوارێ وە مەفاهیمی قورئانیش ئەصلەن لە ناو داخیلی مە لە ناو جیهازەکەی سینگی مە طەبع کرایە بە مەفهومی تەعلیم.

ئیذەن کە دێین موتابەعەی أسماء الله وأفعالە دەکەین لە قورئان وفقی قورئان تەماشای دەکەین، نەك قەواعیدی لوغەی عەرەبی ئێستا کە بە ئەجیال بە تەحریفات داچووە، زۆری لێ کرایەوە زۆری لەسەر ئیضافە کرایە، بێین ئەو قەواعیدەی کە ئێستا عەرەب لەبۆ خۆیان دایان نایە بێین ئەوەی بکەینە قاعیدە لە بۆ فەهمی قورئان ئەو وەختی خەلەل دروست دەبی لە فەهممان، لۆیێ قورئان خۆی دەبی ببتە قاعیدە لە بۆ خۆی وە لە ذاتی قورئان قەواعید ئیستنباط بکەین لەبۆ فەهمی قورئان، ئەقدەسی شتیش کە قورئان تەقدیمی کردبی، طەرحی کردبی أسماء الله وأفعالە.

سێ یەمین: گوتمان روئیەی شمولیی تێکرایی لەبۆ أسماء الله وأفعالە ئەوە ئەصلە لە فەهمی مەوضوع، هەر قیچەك تەقطیع کردن جوزئەك ئیسم زۆر ئیهتمامی بدرێتێ لەسەر حیسابی جوزئەکی دیکە لە قورئان، ئەو وەختی خەلەل لە ناو جیهازەکە دروست دەکا، ئەو وەختی ئەو جیهازە کە ئەوەی تێدا مەوجودە ناتانی فیعلەن وفقی ئیرادەی خوای ئەوەی تطبیق بکا.

ئەو چوار قاعیدەیە ئەگەر هاتوو تەطبیق کرا ذەواتی مە کە ناومان نایە ئینسان، وەکو أبوبکر و موصعەب و عەممارو صوهەیب دەردەچین، ئەمما ئەگەر هاتوو ئەوە تطبیق نەکرا ئەو خەلەلەی کە ئێستا مەوجودە لە ناو داخیلمان خاصەتەن لە ناو تەعەببوداتمان، لەو چوار نوێژە رکەعەتەی کە بە ناوی نوێژی عەسر دەیکەین، ئەگەر موقایەسەی بکەین لەگەل جوملەی صەحابەی کیرام فارقی زۆرمان هەیە بەینی نوێژی مەو نوێژی وان، عیلمەن هەر چوار رکاتەکەیە أبوبکریش دەیکرد وەختی خۆی نوێژی عەسر.

موشكیلەی مە ئیذەن لە ئەدای وەظیفەكە نییە ئەدای صیغەی تەعەبودەكە نییە موشكیلە ئەمە خەلەلمان لە داخیلە، گەورەترین خەلەلیش لە داخیل كە دروست دەبی نەناسینی خوای بە حەقیقەتی خۆی كما هو، (وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ)(الزمر٦٧)ئا ئەوە ئیشكالی بەشەریەتە لە پاشی تەحریفی زەمانی حەزرەتی ئادەم هەتا ریسالەی خاتەم علیە الصلاه والسلام، لۆیێ لەو هەموو ماددانەی كە هەتا ئێستا بەحسمان كردبی ئەوە طەریقەمان بووە، تەقریبەن پێنج شەش ئیسم و فیعلی باری تعالی لە حزور ئەو برایانە باس كرایە.

ئەورۆ ماددەمان فیعلی غەفوری خوایە جل جلالە، خودا جل جلالە كە غەفورە كە دەچینە خزمەت قورئان سێ یەمین سورەت كە دابەزیە لەسەر رسول الله محمد علیە الصلاة والسلام، جوملەك فیعل و ئیسمی خوای تێدایە ئەوانەی كە بەحسمان كردیە تیكراری پێناوێ.

ئەوەی ئێستا ئەمە لە صەدەدین ئەویش فیعلی (غَفُورٌ رَّحِيمٌ)ە، كەلیمەی غفور الرحیم لە خزمەتتان ئەورۆ ئا ئەوە بەحس دەكەین ئەوە ماددەكەمانە، دێین بەحسی ئەو ذاتەی بكەین ئەو ذەواتانە كە ئێستا لە خزمەتتان دانیشتینە، ئەو ذاتە باری تعالی ناوی نایە بە مەجموعە مەراحیلەك بە مەجموعە تەرتیباتەك یاخود تەصنیفاتەك ئەوانیش: یەكەمین ئینسانە پاشان ناسە پاشان بەنی ئادەمە پاشان بەشەرە ئەوجە دەبیتە موسلم پاشان دەبیتە موئمین ئەوجە دەبیتە موحسن، ئەو ذاتە كە ئەمە ناومان نایە ئینسان لە قورئان بەو مەجموعە تەصنیفاتەدا هاتیە، باشە كو وەی لێ هاتیە؟ بە تەغیری جیهازەكەی داخیلی، بەشەرو ئینسانەكە نەفسی چاووگێ ی هەیە، یاخود نەفسی ذاتە ئەمما كە جیهازی داخیلی تەطەوڕ دەكا وەكو طەڵەبەی ئیبتیدائی كە لە ئیبتیدائی بوو طەلەبەبوو گچكە بوو، نەفسی هەیكەل عەظمی نەفسی چاوو نەفسی گێ و نەفسی ناوی هەیە ئەمما گچكەیە، سەبر سەبر بە خواردن و خواردنەوە و گەشەو زەمەن وای لێدێ ئائەو نەفەرە نەفسی ذاتە دەچتە مەرحەلەی متەوەسیطە، نەفسی ذاتە دەچتە مەرحەلەی كولییە، نەفسی ذاتە دەبتە دكتۆر، عەینی هەیكەل عەظمیە عەینی شكلی چاوە گێیتی سەریتی دەستیتی لاقیتی ئەمما چیە؟ گەورە بووە گەشەو نمای كردیە.

ئیذەن نەفسی شەخصە نەفسی ذاتە چی لێ تەغیر بووە؟ ذهنی، كە ئەمە ناومان نایە عەقل، مەثلەن لە بیدایەت كە دەستی لۆ شتەكی درێژ دەكرد داكی پێ ی دەگۆت بڤە، ئەمما كە دەگاتە مستەوای كولییە بە دێنجەر قسەی لەگەل دەكا، بە خەطەر قسەی دەكا، یاخود بە ئیشارەت ئێستا كەلله سەرەك و دوو ئێسك لە بنی ئەبەونەوعەی تەفاهوم دەكا، ئیذەن نەفسی ذاتە بەس ذهنی موتەطوڕ تر بووە.

ئەمەش كە دێینە خزمەت قورئان هەر ئەو ذاتە تەصنیفی لەبۆ دانایە، یەكەمین مەرحەلە ئینسانە پاشان موتەطوڕ تر دەبی وفقی جیهازی داخیلی تەطەوڕ دەكا، جیهازی داخیلی گەشەو نما دەكا دەبتە

ناس، تەطەوڕ تر دەکا دەبتە بەنی ئادەم، تـەطـەوڕ تر دەکا دەبتـە بەشـەر، موتـەطـەوڕتر دەبـی دەبتـە موسلیم، موتـەطـەوڕ تر دەبی دەبتە موئمین، پاشان دەبتە موحسن.

بێینە سەر ئەو ذاتەی کە ئەصلەن موحسین بووە ئەو نموذەجی مەیە، کێیـە؟ حـەزرەتی ئـادەم، پاشـی وی بێینـە خـوارێ دەبتـە بـەنـی ئـادەم کـە ئـەمەینـە، ئەمـە بـەنـی ئـادەمین، کـەینێ ئـەگـەر هـاتوو وفقـەن مواصـەفاتمان لەگەڵ مواصـەفاتی حـەزرەتی ئـادەمی یـەکـەم، کـە نموذەجی ئـەوحـەدە، موطـابیقی کـرد، بـاری تعـالی حـەزرەتی ئـادەمی دروسـت کـرد لـە خـۆڵ، پاشـان خۆڵەکـەی کـردە طـین، کردیـە حمأ مسنون، صلصال، الی آخره.

ئەو تەطەوڕاتانەی پێدا چوو حـەزرەتی ئادەم کە خەلق بوو، خـەلقی کرد فەرمووی ئەمن باری تعالی مە؟ ئەویش جوابی داوە بەلێ (یا رب)ی، فەرمووی ئەوانە هەمووی مەلائیکەتن فەرمووی بـەلێ (یا رب)ی، موناقەشـەی نـەکرد موجادەلـەی نـەکرد، فـەرمووی ئـەوە جەننەتـە، فـەرمووی بـەلێ، ئیـذەن حەزرەتی ئادەم موئمینە نموذەجی یەکەم بەشەری یەکەم کە باری تعالی خەلقی کرد بە ئیمـان خـەلقی کرد، موئمینە پاشـان ئـەمـە کـە لـە زگـی داکمـان خـەلق بـووین نوطفەیـە، پاشـان عەلەقـەیـە موضـغەیە تەطەوڕ دەکا سەبر سەبر.

ئەمەش نەفسی شت وەکو حەزرەتی ئادەم موئمین خەلق کراین، باری تعالی هەرچی دابیتە جیهازی حەزرەتی ئادەم لە ناو داخیلی حەزرەتی ئادەم دروستی کردبی نەفسی شتی دایتە مە، لۆیێ رسول الله محمد صلی الله علیه وسلم دەفەرمی: قَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم « كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ) البخاری کێهان فیطرە؟ ئەو فیطرەتەی کە حەزرەتی ئادەم لەسەری خەلق بووە، (فَطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ)(الروم ٣٠)، قـەییم، ئـەهـا دەفـەرمی: (إِنَّ هَـذَا الْقُرْآنَ يِهْدِي لِلَّتِـي هِـيَ أَقْوَمُ) (الإسـراء ٩))، ئـەو ئەقوەمـە ئـا ئـەوەش کـە رب العالمین لـە نـاو جیهـازی حـەزرەتی ئـادەمی دروسـت کردیـە قەییمـە، ئـەوەو ئـەوە تێك دەکـا ئیمـان و ئیحسانەکە دروست دەبی.

ئیذەن کە حەزرەتی ئادەم موئمین بوو هەر ذاتەك لە زگی داکی خۆی ئەصلەن موئمینە، کە ویلادەی بوو شەیاطین دێن ئـەو جیهـازەی تێك دەدەن، دێن چلکـی داوێنـە سـەری، دێن پیسـی داوێنـە سـەری، تـۆزی داوێنــە ســەری، مەشــاکیلی لــەبۆ دروســت دەکــەن، لــۆیێ پێغەمبــەر صــلی الله علیــه وســلم فەرموویتی: ئەقرەبی دائیرەی لەبۆی،(فَأَبَوَاهُ) یەعنی بیئە (يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ)، ئیذەن بیئە وەی لێ کرد، حەزرەتی ئادەم موئمین بوو، هابیلی کوڕی موئمین بوو، ئەمما پاشان بیئە وەی لێ کرد ئەو ذاتە قابیل کابرایەکی کافر موجریم دەرچی، حەزرەتی نوح پاشی وان موئمین بوو شەیاطین

وەی کرد ئەجیالی کافر دەرچی، ئیذەن وەسەط بیئە ئەثەری سلبی هەیە لەسەر ئا ئەو ذاتە، کە باری تعالی ئەصلەن بە ئیمان خەلقی کردیە.

باشە لۆ خەلقی کرد؟ جەواب خەلقی کرد لە بۆ عیبادەت بەس، (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ)(الذاريات ٥٦) فقط عیبادەت، ئەوە جیهازە یەك ئیشی هەیە تەوقیتی زەمەن(مامۆستا ئاماژە بۆ کاتژمێری دەستی دەکات)، ئەوە جیهازە یەك ئیشی هەیە نەقل نەقلی صەوت (مامۆستا ئاماژە بۆ ریکۆردەر واتە موسەججەل دەکات)، لەبۆ جیهازیتکە ئەوە جیهازە یەك ئیشی هەیە، ئەمەش یەك ئیشمان پێ ئەمر کرایە فقط عیبادەت هیچیتکە نا، ئەمە بەس لەبۆ عیبادەت دروست کراینە، کو ئەوانە هەر یەکە ئیشی خۆی هەیە یەك ئیشیش دەکا، ئەمەش دەبی یەك ئیش بکەین ئەویش عیبادەتە، ئیللا لەبۆوەی خەلق کراینە.

ئیذەن باری تعالی کە جیهازەکەی خەلق کرد لە ناو داخیلی ئینسانەکەی، کە ویلادەشی بوو یان ئادەمی یەکەم کە خەلق بوو بەس لەبۆ عیبادەت خەلق کرایە، ئەو ذاتە گوتمان مەخلوقە لەبۆ عیبادەت، جیهازی داخلیشی کە باری تعالی لە ناو داخیلی دانایە هەر لە بۆ عیبادەتە، ئیذەن هیچ ئیشەکیتکەی نییە، نە جیهازی داخیلی نە بەدەنی خۆی فەقەط لە بۆ عیبادەت نەبی، هەرچی دەورێك ئەدا دەکا لە بۆ ئەو نوقطەیەیە کە عیبادەت دەکا، باشە کە ویلادەی بوو وەکو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ) بیئە وەی لێ کرد تەغیر ببی، کابرا لە ناو رەحمەکی ئیمان هاتە دەرێ ئەمما دایك و باوکەکەی فاسقە فاجیرە خراپە، بیئەکەی خراپە وەی لێ کرد فیعلەن ئینسانەکی خراپی لێ دەرچی، کە خراپ بوو باری تعالی لێرە ذەنبی هەیە؟ حەقی ئەوەی هەیە ئەو ذاتە موحاسەبە و طەڵەبی ئیستیفسار بکا لە باری تعالی؟ لە جەواب نەخێر، چونکی باری تعالی کە خەلقی کرد ئەصلەن لە بۆ موهیمەی عیبادەت وەکو ئەو جیهازانەی کە بەحسمان کرد، ئەو هاتییە لە مەفهومی عیبادەت لادەدا.

نوقطەی دووەم جیهازەکەی ئەصلەن هی داخیلیشی هی چاوی هی گێی هی دەستی هەموو بەدەنی لەبۆ عیبادەت خەلق کرایە، ئەو دێ لای دەدا لە عیبادەت کردن لە بۆ شتی خراپ، وەکو ئەو رۆژەی بەحسمان کرد سەي ارە سەیارەی ئیعتیادی لادە مەثەلەن دروست کرایە سێ نەفەر چار نەفەر نەقل کا، ئەمما شەخصەك بێ سەیارەی لادە بکاتە سەیارەی حەمل، وەکو قەلابی لێ بکا، هەر خشت و بلۆکی پێ بار کا، ئەگەر هاتوو سەیارە کە ئەو هەموو شتەی لێ بار بکرێ تێك دەچی چونکی لەخۆی زیاتری لێ بارکرایە، ئەمە گوتمان ئەو ذاتە لەبۆ عیبادەت دروست کرایە ئەصلەن ئەوە موهیممەیتی، هەرچی تەرکیبەکانیشی هەیە هەر لەبۆ وەی خەلق کرایە پێوەی، یەعنی ئەوە نیە کە پێی گۆترابی ئەتو عیبادەت بکە جیهازەکانیشی هەموی بەچاوی بە گێی لەبۆ غەیری عیبادەت خەلق

کرابی هەموی مساعیدن لەبۆ مەفهومی عیبادەت ئەمما کەدێ خەلەل دروست دەکا لە ئەسنای واقعی حەیاتی رۆژانەی باری تەعالا حەقی هەیە محاسبەی بکا لەبۆوەی محاسبەکەی لەبۆ تەخفیف بکا ئەنبیاء و روسولی ناردیە، ئەنبیاء و روسول، ئیشی ئەنبیائەکان چیە؟ ئەنبیائەکان بیلا تەشبیهـ وەکو مەثەل وەکو جیهازی تەسجیلن جیهازی تەسجیل بیننە پێش چاوی خۆتان ئەنبیائەکان هەرئەو دەورەیان هەیە.

نەبیەکە علیە الصلاة والسلام ئەوەی لۆ هاتیتە خوارێ، ئەوەی لۆ هاتیتە خوارێ، موجەڕەد لە (باری تعالی) وە نەقل دەکا لە بۆ موقابیل، عەمودی وەردەگری ئوفوقی نەقل دەکا، ئەوە ئیشی نەبیەکەیە، نەبیەکە دێ کو بە چ طەڕیقەك ئسلوبەك ئەوەی نەقل دەکا لە قورئان ناوی نایە تیلاوە، (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ) (الجمعة ٢) مەرحەلەی چوارەم (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ)، یەعنی جاری یەکەم تیلاوە دەکا، جیهازەکەی داخیلی کە باری تعالی ئەصلەن ئەوهای دروست کردبوو لەگەل وەی مطابیق بێ دەست بە ئیش دەکا، جیهازەکە جیهازی داخیل لەگەل وەی تەطابوق دروست دەکا، ئەو وەختی دێ تەفەهومی قورئان دەکا (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ).

پێشی تیلاوە پێشی تەزکیە فەهمی قورئان نییە لۆیێ خەلەل هەیە بەینی مەو بەینی قورئان، لۆیێ ناتانین ١٠٠% قورئان تەطبیق بکەین چونکە تەفەهومی قورئانمان نەکردیە، نەمانزانیە هەدەفی هاتنی قوئان چییە وە رەسول چ دەکا.

هەموو ئەنبیاء و روسول کوتوب و ریسالاتیان لەبۆ هاتییە ئیشیان تیلاوە بووە، تیلاوەی ئایاتی کەونی ئایاتی کەونی، ئەو کەونەی کە ئێستا مەوجودە ئەویش قورئانەکە، ئەمما مەخلوقە، ئەوەش قورئانەکە ئەمری خوایە (أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ)(الأعراف ٥٤)، کە رەسولەکە تیلاوەی کرد ئەو دەستی بە قیرائە کرد و جیهازی داخیلی ئیشی کرد تەزکیە بوو نمووی کرد، ئەوجە لە قورئانەکەی دەگا (يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ)(الجمعة ٢)، ئەوە ئیشی هەموو روسولە.

کە کابرا ذاتەکە گوناحی کردبوو لە بیئەکی غەیری ئیسلامی پەروەردە ببوو، هەستا یەکسەر گێی لە پێغەمبەرەکەی بوو گێی لە ذاتەك بوو ئا ئەو ئایاتەی لە بۆ تیلاوە دەکا، ئایاتی کەونی وئایاتی شەرعی یەکسەر رادەوەستی، فیعلەن ئەوە لەگەل داخیلی خۆی تەقاروبەك هەیە تەطابوقەك هەیە فەهمی دەکا، ئیمتصاصی دەکا با ئوممیش بی، ئەو وەختی تەماشای تاریخی حەیاتی خۆی دەکا، فلیمی خۆی سابیقە تەماشا دەکا یەك جوملە شتی کردیە وفقی جیهازی داخیلی و خاریجی نەبووە، یەکسەر لێرە شەرمەزاری دەیگری.

چ دەکا باری تعالی لەو موقابیلەی هەرچی کردیتی هەر لە ویلادەی ڕا هەتا ئەو لەحظەی کەئیحساسی کرد، بە خوای ئیحساسی کرد، بە خوای، چونکی خودا جل جلالە وەکو گوتمان خەلقی کردیە لەبۆ عیبادەت، جیهازەکانیشی هەر لەبۆ عیبادەت خەلق کردبوو، ئەو وەختی ئەو وەی نەکردیە، تەماشای فلیمەکەی دەکا هەمووی خەتی سۆری لە بنە، ئەوەندە غەیبەتی کردیە، ئەوەندە درۆی کردیە، ئەوەندە غەدری کردیە، ئەوەندە ئەوهای کردیە الی اخرە، هەمووی تەماشای دەکا خەتی سۆرە ئەو وەختی حس بەشەرمەزاری دەکا، شەرمەندەیی دەیگری، ئا ئەو حالەتە ئیحساسە طەلەبی غوفرانە.

ئەها زۆر جار دەڵێن ئیستغفار کردن، ئەو حالەتە ئیستغفارە کە ئینسانەکە فیعلەن بەبێ ئەوەی هیچ قسان بکا ئیحساس دەکا بەرامبەر باری تعالی موقەسیرە، باری تعالی ئەو هەموو شتەی کردیە ئەو هەموو فولان و فولانەی لەبۆ کردیە، ئەو ذاتەش فلیمی ئەوهایە خۆی حەز ناکا ئێستا فلیمی لەبۆ لێبدرێتەوە، ئەو حالەتە دروست کردن لە داخیلی ئەوە ئیستیغفار کردنە، باری تعالی موقابیلی چ دەکا؟ غوفران دەکا، غوفرانەکە چیە؟ ستری هەرچی خەتی سۆر هەیە لە فلیمەکەی فلیمی ڤیدیۆیی کە دێتە پێش چاوی، ئەو هەموو ئیشتیباهەی کردیە، زولمی کردیە، غەدری کردیە، پیاوی کوشتیە، فلانی کردیە الی اخرە ئەوانە هەمووی کەخەتی سۆرە لە فلیمەکەی کە دێ ئەو حالەتە لە داخیلی دروست دەبی بەرامبەر باری تعالی شەرمەزارە، باری تعالی بالمقابل چی لۆ دەکا؟ دێ ستری ئەو حالەتەی دەکا، ستر.

ستر چییە؟ ئەو شتە مەوجوود بی ئەمن بیشارمەوە ئەوە مەوجوود بی ئەنگۆش بزانن ئەمنیش بزانم لێمان مەعلوم بی هۆردوولا بیشارمەوە ئەوە پێ ی دەگۆترێ ستر،باری تعالی نایێ ئەوەی بستڕی فلیمەکانی نەء جارێ ستر دەکا لێی، مەرحەلەك پاشان دێ باری تعالی ئەوەی لۆ دەستری تەصفیەی دەکا، (فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ)(الفرقان ٧٠) ئیذەن مەرحەلەی ئیحساس کردنی ئەو ذاتەی کە باری تعالی وەکو ئەو جیهازەی لە بۆ عیبادەت خەلقی کردبوو، ئەجهیزەکانی چاو و دەستیشی لە بۆ عیبادەت خەلق کردبوو، کە عیبادەتی پێ نەکرد گوناحی پێ کرد، جەریمەی کرد بەرامبەر باری تعالی، ئەو وەختی کە تیلاوەکە دەکرێ کاتێك کە تیلاوە دەکا تەزکیە لە داخیلی دروست دەبی ئەو وەختی دێ لە قورئان دەگا، کە لە قورئان گەیشت ئیحساس دەکا بە تەقصیرەکی زۆر، نەك بەس لە گوناحەکان، دەرێ ئای وەیلا ئەوەندە نوێژەم نەکردیە، وا وەیلا ئەوندە رۆژیەم نەگرتیە ئەوە هەمووی لە مەئموراتە ها.

ئیذەن قەضیەی ذەنب نەك بەس گوناح کردنە مەئموراتیش شمول دەکا، پاشان مەنهیات، باری تعالی کە ئەصلەن خەلقی کردبوو لە بۆ عیبادەت ئەو نەیکردیە، باشە خەلقی کردبوو لە بۆ گوناح؟ نەخێر،

گوناحیشی پێ کردیه، ئیذەن هۆردووك شتی کردیه هۆردووك جەمع دەبی پێ ی دەگوتری ذەنب، هەر لە بیدایەت ڕا سەبر سەبر تەعمیق دەبی لەبۆ هەتتا کەبائیر و شیرك، باری تعالى دێ لێرە هەموو فلیمەکەی لۆ ستر دەکا، لۆیێ ڕۆژی قیامەت کیتابی هەمووی دەردەچی، (اقْرَأْ كَتَابَكَ)(الإسراء ١٤)(مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا)(وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِراً وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَداً)(الكهف ٤٩)(فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْراً يَرَهُ)(الزلزلة ٧) (وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرّاً يَرَهُ)(الزلزلة ٨))، هەمووی هەمووی لەپێش چاوی مەکشوفە ئەمما چی لۆ دەکا باری تعالى لۆی ستر دەکا، ئەوجە پاشان ئەگەر هاتوو فیعلەن ئەعمالی چاکە و تەوبەی حەقیقی نەصوحی بوو لە بەینی خۆی و بەینی باری تعالى، باری تعالى ئا ئەوەی هەمووی دەستڕی، جیهازەك هەیە ئەوەدەچتە ناو وی (مامۆستا ئاماژە بۆ کاسێت دەکا) هەمووی خاوێن دەبی، (باری تعالى) ش ئەوها لەبۆ ئەو ذاتەی دەکا، ئەوە مەفهومی عەفوە.

لۆیێ ئەگەر تەماشای قورئان بکەین هەرچی سوڕەتەك کە بەحسی غەفور و رەحیمی تێدا ذیکر کرابی بەحسی گوناح نییە لە ئەعمالی خراپ، ئیننەما تەقصیرە کە ئەو ذاتە کردیتی لە ئەعمالی چاکە، مەفهومەك هەیە لە مێشکمان ئەمە ئیستیغفار تەسبیح دەگرین لە دەستە خۆمان، ئیستیغفار ئیستیغفار أستغفرالله دەکەین، لەمە وابی لە گوناح ئیستیغفار دەکەین عیلمەن نەخێر ئیستیغفار کردن لە تەقصیرە لە ئەدای ئەو تەکلیفەی ئەو واجیبەی کە باری تعالى ئەمری کردبوو، نەك لەو نیسبەتەی کە باری تعالى دەیەوێ، کەمتر، ئا ئەوە تەقصیرە، قورئان ناوی نایە ذەنب.

ئەمثیلەی بینین دیسان، گوتمان ئەوە جیهازە باری تعالى خەلقی کردیە لە بۆ ئەدای عەفوەن صونعی کردیە لەبۆ ئەدای موهیممەك موعەییەن، ئەوەش جیهازە، ئەوەش جیهازە، ئەوانەش هەمووی جیهازن گوتمان، ئەوەش جیهازە ذاتە جیهازە لەبۆ هیچ خەلق نەکرایە ئیللا لەبۆ عیبادەت، ئەگەر کابرایەك ئەمن بەکرێ بگری لەبۆ عەمەلاتی بلێ وەرە ئا ئەو عاردەی لێرە ڕا هەتا ئەولای ئەو کۆنکریتەی بشکێنە، ئەگەر هاتوو ئەمن پاڵم داوە دەستم کرد بە جگەرە کێشان حەقی موحاسەبەم هەیە یان نا موحاسەبەم بکا؟ هەموو دەلێن حەقی هەیە کابرا موحاسەبەت بکا.

نەفسی شت ولله مثل الأعلى، باری تەعالائەمەی خەلق کردیە لە بۆ ئیشەك موعەییەن ناوی نایە عیبادەت، کابرا کە دەچێتە ناو جێ ی عەمەلان کێهان عەضەلاتی ئەستووروبەقووەت بی ئەوەی دەگری، لۆوەی فیعلەن بتانی چەکوچەکە بە توندی بە قەیمی بوەشێنی، بتانی چیمەنتۆیەکەی سەبیەکەی بشکێنی، باشە ئەگەر هاتوو کابرایەکی لاواز و زەعیفی برد نەخۆش بوو سڵی هەبوو ئەو وەختی موعاتەبە لەسەر کابرایەکە نەك لەسەر عەمەلەکەیە، ئەگەر هاتوو عەمەلە قۆرە ئەستوورە

بەقووەتە تەقصیری هەبوو، ئەو وەختی عیتاب دەکەوتە سەر عەمەلەکەی، ناکەوتە سەر وەستایەکەی ساحێب ئیشەکەی.

باری تعالی ئەمەی لەبۆ وەی دروست کردبوو، ما عەدای وەی هەرچی ئەجهیزەمان هەیە لەبۆ وەی دانابوو، لۆیێ کە دەفەرمی إفعل تەقصیرەك لەوەی یاخود لاتفعل بەکردن بە ذەنب ئیعتیبار کرایە، لۆیە لە ناو قورئان کەلیمەی تەقصیر نییە ذەنب هەیە، ذەنب، لە مەجامیعەك زۆر لە قورئان کەلیمەی ذەنب هاتییە ذەنبەکە چییە؟ ئا ئەو تەقصیرەیە ئینسان دەیکا، کە ناومان نا ئینسان باری تعالی کە ئەمری پێ کردیە عیبادەت بکا نەی کرد پێ ی گوت گوناحیش مەکە کردی هۆردووکی کرد، عیبادەتەکەی نەکرد تەقصیری هەبوو، گوناحەکەشی کرد، درۆیەکەی کرد، غەیبەتەکەی کرد، نەزەرەکەی کرد، قومە عارەقەکەی خواردە ئەوە هەمووی ئیعتیبار دەکرێ بە هۆردوو بوعد ذەنب.

کەدێ ئیستیغفار دەکا باری تعالی لەو حالەتەی ستری لەبۆ دروست دەکا رۆژی قیامەت، کە فیعلەن ئیشەکانی کردیە فلیمەکەی خەتی سۆری بەبن دا هاتییە، ئەوە بەنیسبەت هەموو ئینسان کە دێ ئەو ئینسانە تەطەوڕ دەکا، جیهازی داخیلی تەزکیە دەبی تەطەوڕ دەکا دەبتە موئمین، یاخود موسلیم، ئەو وەختی گوناح ئیعتیباری لەبۆ ناکرێ بە وەی کە فیعلەن مەنهیات دەیکا، نەخێر لە مەئمورات مەطلوبە بەس مەئمورات تەقصیری هەیە، ئەو وەختی ذەنب لە بۆ مەئمورات ئیعتیبار دەکرێ، لۆیێ نموذەجی ئەوحەد لە ناو ئوممەی (محمد)ی، رسول الله (محمد)ە صلی الله علیە وسلم، رب العالمین پێی دەفەرمی: (إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً)(الفتح ١)(لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ) (الفتح ٢)، چییە؟ ئەو مەفهومی ذەنبە، لێرە هەتا باری تعالی غوفران بکا ستر بکا بەنیسبەت پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم؟ باری تعالی ئەمری کردبوو مەثەلەن شەش سەعات شەو هەستی قیام اللیل بکا، ئەو هەشت سەعات هەڵدەستا دوو سەعات زیاتر، باری تعالی جیهازی پێغەمبەری دەزانی کوو خەلق کردیە لۆیێ دانیایە شەش سەعات هەستی، ئەمما ئەو خۆی لە شەو هەستان لەززەت وەردەگری، مورتاح دەبی، حوببی خوای لە داخیلی زیاتر دەبی، لۆیێ دەی گوت با شەش سعات نەء با هەشت سەعات بی، ئەمما نەیدەزانی ئەو دوو سەعاتەی لەسەر حیسابی جوهدەکیتکە عەمەلەکیتکە خەیرەکیتکە سەحب دەکا، لۆیێ باری تعالی پێ ی دەفەرمولەسەرخۆت بە

مەثەلەن پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دعوە دەکا لە بۆ الله نەك لە بۆ ئیسلام. لە قورئان دەعوە لە بۆ ئیسلام نییە هەمووی لە بۆ (الله) یە، لە یەك جێ ذیکر کرایە ئەویش لە بۆ (أهل الکتاب)ە (ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ)(النحل١٢٥) پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دعوە دەکا،لەبۆ ئیسلام ئەمری پێ کرایە رۆژی دە سەعات بلێین لەبۆ دەعوەی لەبۆ خوای ئیش بکا، ئەو دەهات دوازدە سەعاتی دەکرد باری تعالی ئەو دوو سەعاتەی بە ذەنب لەبۆ دانایە، لۆیێ پێ ی دەفەرمی: (إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً)(الفتح

١)(لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ) (الفتح ٢)، نەك گوناحی کردیە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، خوانەکا غەیبەتی کردبێ، درۆی کردبێ، والعیاذ باللە نەك تەقصیری کردبێ شەش سەعاتی لەبۆ دانابێ ئەو چوار سەعات هەستابێ، نەخێر، ئیضافەکردن لە ئیشەکەی ئەوە بە ذەنب ئیعتیبارە لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، لەبۆ ئوممەی موحەمەدیش نەفسی شت.

ئیذەن لە مەئموڕات چ زیاد کردن چ کەمکردن لەبۆ جەمعی موئمینین ذەنب ئیعتیبار دەکرێ، ئەمما ئەویتکە خوانەکا بە چاو گوناهـ دەکا، بە دەست گوناهـ دەکا، بە دەو گوناهـ دەکا، بە گوێ گوناهـ دەکا، هەمووی تەعریفاتی خاصی خۆی هەیە، ئەو ذاتە ئەو ئیشانەی کرد باری تعالی چ دەکا لەبۆی بالمقابل کە ئیحساسی بەوەی کرد فیعلەن ئەوانەی کردیە خودا دێ ئا ئەو ذەنبەی لەبۆ تەغفیر دەکا.

کەلیمەی غوفڕان یەعنی ستر، عەبدەکەش دەزانی تەقصیری هەیە، (باری تعالی)ش دەزانی تەقصیری هەیە، هۆردوولا شارەزانە لە مەوضوع ئەمما باری تعالی دێ لەبۆی دەشاری، ولله مثل الاعلی، لۆی دەشاری، کەینێ پیشانی دەدا؟ بەس رۆژی قیامەت، ئەگەر هاتوو فیعلەن لە مستەوای ئیمان بەرز نەببوو تەطەوری نەکردبوو، ئەمما ئەگەر هاتوو هەر لە دونیا لە مستەوای ئیمان تەطەوری کردبوو ئەو وەختی هەر لە دونیا کەلیمەی غوفڕان دەبتە عەفو لەبۆی.

لۆیێ باری تعالی غفور الرحیم لە چل و یەك جار ذیکری کردیە لە قورئان، هەمووی لەبۆ تەقصیرە، لەبۆ کەبائیر نییە، لەبۆ عصیان نییە، لەبۆ (ئەو تەقصیرەیە کە بەحس دەکەین سێزدەجار لەگەر پازدە جێ ی دی بە الف ولام هاتییە الغفور الرحیم، لە پێنج جێیان بە غفور حلیم هاتییە، لە پێنج جێیان هەر پێنج جێ ی عایدی قەلبە غفور حلیم لە پێنج جێیان لە قورئان هاتییە لە هەمووی هەر پێنجیان عایدی قەلبە)، یەعنی بەعزە تەقصیرات هەیە بە قەلب دەکرێ باری تعالی حلم دەکا لەگەل غەفوریەکەی، یەعنی هەم ستر دەکا هەمیش ئینتیزاری دەکا بزانی ئایا فیعلەن ئەو قەلبەی دەگۆڕێ یان نا.

لە سێ جێیان هاتییە بە (عَفُوّاً غَفُوراً) عەفوەکەی پێش غوفرانەکەی، شتەکە مەوجودە باری تعالی ئیحساسی پێ دەکا و عەبدەکەش ئیحساسی پێ دەکا ئەمما باری تعالا دەیسڕتەوە، کەلیمەی سڕینەوە لە قورئان بە عەفو هاتیە، مەحو دوو جار بە (عَزِيزٌ غَفُورٌ) هاتییە یەعنی دەیتانی باری تعالی ئینتیقامیش بکا ئەمما عەینی وەقت ستریشی کرد، سێ جار بە (غَفُورٌ شَكُورٌ) هاتییە بەینی غفور شکور عەفو هەیە، غەفورە عەفوە ئەوجا شەکورە، بالمقابل چونکی کابرا لە ئیمان گەیشتیتە مستەوایەك تەقصیر نەمایە، گەیشتتە مستەوایەك ٩٠% ذەنبی نەمایە، لۆیێ بالمقابل باری تعالی رۆژی قیامەت شەکوریشە لەبۆ ئەو ذاتە.

(الْغَفُورُ الْوَدُودُ) هاتييە گوناحەكەی كرد، تەقصیرەكەی كرد بالمقابل ئیمانەكی ئەوهای هینا بە باری تعالی كە هەرچی گوناح و تەقصیری هەبوو باری تعالی هەمووی سڕی، نەك هەر ئەوەندە گەیاندیە ئەو حەددەی ئەو ئیمانە گەیاندیە ئەو سەقفە مەطلوبە كە فیعلەن باری تعالی خۆشی بوێ، (يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ)(المائدە٥٤)لێرە بالمقابل ناوی باری تعالی دەبتە وەدود، (الْغَفُورُ الْوَدُودُ) جارەك هاتییە لە قورئان،(عَزِيزٌ غَفُورٌ) سێ جار هاتییە لە قورئان، ئەوە مەفهومی كەلیمەی غەفورە لەگەل رەحیم لە قورئان ذیكر كرایە.

ئەمەی جەمعی شەبابی صەحوە هەتا وفقی تەرتیبی نزول نەچینە خزمەت قورئان، بە لیسانی عەرەب نەچینە خزمەت قورئان، ئایاتی خوای كەونی قیرائە نەكەین هی مەخلوقە، ناتانین فیعلەن حەقیقەتی خوای بناسین، لۆوەی فیعلەن ئەو شەرمەزاریە لە داخیلمان دروست ببی بەرامبەر باری تعالی، ئەوجا (باری تعالی)ش بەرامبەر مە بە فیعلی غوفران تەماشامان بكا، هەتا ئەو تەرتیبە نەبی ئەمە خۆمان بالذات لەو ئیسم و فیعلەی تێناگەین، كە تێشی نە گەیشتین ناتانین كوو صەرفی كەین لەگەل باری تعالی،

مادەكە قیچەك هیشك بوو، وە جوملەك ئوموری تێدا هەیە صەراحەتەن، مەثەلەن (غَفُورٌ حَلِيمٌ) كە دەلێین مەربوطە بە قەلب دەبی بەحس بكرێ قەلب عیلاقەی چییە بە مەوضوع؟ كوو دەبتە غەفور لۆ حەلیمە، لێرە ئیللا لەبۆ قلب جوملەك ئومورە فروعاتی لێ دەبتەوە، إن شاء الله ئەنگۆ خۆتان ئەغلەبتان ئەوەی شەبابی صەحوەیە مەوجودە موفرەداتی هەیە لە ماڵێ، كە چووە ماڵێ موصحەفی بكاتەوە موفرەداتەكەی خۆی بكاتەوە تەماشای چەند جار كەلیمەی غەفور هاتییە، وە كو هاتییە؟ وە بە چ صیغەك هاتیە؟ نەفسی شت (عَزِيزٌ غَفُورٌ) ئەفعالەكانیتكەش.

ئەمما شێست و نۆ جار بە (غَفُورٌ رَّحِيمٌ) هاتییە یەعنی دەیتانی لێرە فەضحی كا، دەیتانی لێرە كەشفی كا تەقصیری، عەدەم ئیهتیمامی بە مەئمورات، عەدەم ئیهتیمامی بە مەئمورات، پاشانیش كەدێ تەوبە دەكا و تیلاوەی ئایاتی لەبۆ دەكرێ وئەویش دەست دەكا بە قیرائە كردن، باری تعالی بەو نەوعەی ئەلطافی لەگەل دەكا بە فیعلی غوفران، غەفوری پێ دەكا إن شاءالله رەحمەتی پێ دەكا. ئەوە بە موختەصەری فیعلی (غَفُورٌ رَّحِيمٌ)وفقی تەرتیبی نزولی قورئان، جەمعەك تازە لە خزمەتیانم لێرە ئەغلەبیان تەقریبەن موحتەمەلە مەوضوعەكە لەكنیان هیشك بی، هەتا حەددەك زۆر حەقیانە ئوسلوبی موحاضیر نەوعەكە موصطەلەحاتی عەرەبی زۆری تێدایە، ئوسلوبەكە قیچەك هیشكە و بلێین مەنطقیە فەلسەفیە، ئەمما ئەگەر بێتو إن شاءالله بە موتابەعەی أسماء وأفعال كە لە تەسجیلات مەوجودە گێ بگرن، چونكی موتەسەلسیلە دەرسەكە، وەكو بیلا تەشبیهـ حەلەقاتی تەلەفزیۆنیە ئەتوو لە حەلەقەكی وەسەط دانیشی موحتەمەلە ئەوەی پێشی و پاشی هەضم نەكەی، نازانی ئەهدافی بەطەل

فليم و كۆمبارس وئەوانە مەقسەديان چييە لە ئيشەكە، تەقريبەن ئەو حەلقەتەش ئەو ها لە ذهنى زۆريتان ئەوها دروست دەبى ئيعتيذارم هەيە لەبۆ ئەو حالەتەش،ئەمما ئەگەر ويستتان إن شاء الله لە تسجيلات كاسێتەكان مەوجودە، دەكرێ فيعلەن وفقى ئەو تەرتيبەى كە قەديمەن بەحس كرايە نزيكەى ئەوە نۆيەمين دەرسە ليقائە لە خزمەتيان بەحس دەكرێ قيچەك ئيمتيصاص و هەضمى موضوعەكەى بكرێ، گەردەنيشم ئازا كەن ئەگەر هاتوو فيعلەن نەمتانيبى ماددەم تەوصيل كردبى لە خزمەتتان.

ئەوەى سوئال و ئيستفسارى هەيە بە ئەمثيلە بتانم لەبۆى تەوضيح بكەم، ئەوەى ئيستفسارى لە مێشك دروست بوو لەبۆ مەوضوع بتانم لەبۆى تەوضيح بكەم، عەفوەن إن شاء الله لە يەمين دەست پێ دەكەين،پرسيار ئينسان كو دەبتە موئمين؟ ديسان ماددەكە بە سەريعى گوتمان ئەوە قورئانە، بارى تعالا ئەمرى خوايە ئەوەش جيهازە بارى تعالى دروستى كرديە لە داخيل، ئەوە دايبەزانديە ئەوەش وفقى وەى خەلق كرديە، كە ئەوە دێتە خوارێ دەبى لەگەل وەى تەطابوق بكا، ئەوە ماددەى يەكەم بوو ئيشى ئەنبياء چييە؟ دێن ئەوەى دەخينن، كە ئەوەيان خيند ئەو ذاتەى كە ئەو جيهازەى لە داخيلە دەست دەكا بە موتابەعەى وەى، ئەو وەختى ئەو جيهازە ئيش دەكا، كە ئەو جيهازە ئيشى كرد ئەو ذاتە دەبتە موئمين، طەبعەن بە تەصانيفى ناو قورئان دا دەروا.

وەكو گوتمان ئينسان ئەحەطى موستەوايە، پاشان دەبتە ناس پاشان دەبتە بەنى ئادەم، دەبتە بەشەر، موسليم، موئمين، موحسين، خوا بە نسيبمان بكا، ئەو تەسەلسولانە ئەگەر هاتوو عيلاقەى لەگەل ذاتى بارى تعالى وفقى ئەو تەرتيبانە بوو، يەكەمين: وفقى تەرتيبى نزولى قورئان، دووەمين: وفقى حەجمى مەطروح لە ناو قورئان، سێيەمين: بە ليسانى عەرەب موتابەعە كردنى قورئان، چوارەمين: بە شمولى وەرگرتنى مەوضوع بە مەفهومى تەعەببود، ئەو وەختى فيعلەن جوملەك ئەحاسيس و مەشاعير لە داخيلى ئينسان دروست دەبى، ئيحساس بە وجودى (بارى تعالى) و حاجە بە ئيستيغفارى خواى، طەبعەن ئەوەى كە تەسبيح لە دەستى دەگرى و ئيستيغفار ئيستيغفار دەكا ئەوە كەليمەكى تەلەفوضيە، حال نييە لە داخيلى ئينسان، هەتا حال نەبى قەبول نييە عند الله.

بەلێ فەرموو سوئال بەلێ: پرسيار تەعليم چيە لە قورئان؟ وەلام ليسانى عەرەب كە گوتمان بارى تعالى فەرمووى بە ليسانى عەرەب، گوتيشمان ئەوە جيهازە ئەگەر جەنابت مەوجوود باى پێشى سێ موحاضەرە بەحسى ئەوەمان كرد بارى تعالى لە سورەتى علق بەحسى ئەوەى دەكا: أعوذ بالله من الشيطان الرجيم (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق ١)(خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ)(العلق ٢)(اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ)(العلق ٣)، (الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ)(العلق ٤)(عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ)(العلق ٥) كەليمەى عەلّمە ئەوەيە بارى تعالى پاشى ئەوەى فيطرەى ئينسان لە داخيلى دروستى كرد هات بارى تعالى تەعليمى ئەو فيطرەيەى كرد، تەعليمى فيطرە چيە؟ هەرچى ئيرادەى خوايە جل جلالە بە ئيفعەل و لاتەفعەل

که قورئـان پـێ ی دەڵـێ حـەلال و  حـەڕام، ئـەوەی هـەموو لـەناو جیهازەکـەی دانـا، ئـەوجا ئـەوە ئـەو مەفاهیمانە بەس مەفهومەکان نەك کەلیماتەکان بەس مەفهومەکان لە ناو داخیلی ئینسان مەخلوقە.

لۆیێ ئەوەی ظیلالی خیندبی سەید رەحمەتی خوای لێ بی لە موذەکەڕاتی خۆی لە ظیلال لـەمـە قطـەعـەك بەحسـی ئـەوەی دەکا: لـە ئـەمـەریکا دەهاتینـەوە لەگـەل مەجموعـە موسوڵمانەکی تونسـی و سوری لەسەر کەشتی سەفینە، لەناو بەحر رۆژی جومعەیان بە سەر دادێ موسوڵمانیشن هەموویان، سەید دەڵێ لۆ نوێژی جومعەی نەکەین ذیکرەیاتیش دەمینێ لەبۆ خۆمان، طەبعەن بەس ئەوانیش لەناو سەفینە نینە مەجموعە ئەجنەبی و غورەباء و ئەوانە هەموو مەوجوودن، بەس ئـەو پێنجـە عـەڕەب و موسوڵمانن، کە سەید رادەوەستی خوطبەیان لەبۆ ئیلقا دەکا، لە ناو خوطبـە مەجموعـە ئایـاتی قورئـان دەخوینی چونکی خۆی حافظی قورئان بوو.

ئافرەتـەکی یوغسـلافی لـە بەرامبـەریان راوەسـتایە تەماشـایان دەکـا، عالەمـەکی زۆر راوەسـتایە تەماشایان دەکا پێیان سەیرە ئەو جەمعە چ دەکەن، یەك راوەستایە مەجموعـەك دانیشتیە بـە شکلەکی موعەییەن دانیشتینە، پاشان هەموو هەر دەستن ئـەوەی پێشـەوەیان رووی پشتی لـەوان دەکـا، دەست دەکـا بـە مەجموعـە حـەڕەکاتـەك ئـەوانیش وەکـی وان دەکـەن، رادەوەسـتن رسمیان دەگـرن فلیمیـان دەگـرن، پاشـان ئافرەتـە یوغسـلافیەکە لـە سـەید نزیـك دەبـی دەڵـێ لـە ضـمنی قسـەکان، مـەجموعـە سوئالەکی دەکا یەك لە سوئالەکان ئەوەیە دەڵێ لە ضمنی قسەکان دەرێ ئەتو هـەر بـە عـەڕەبی قسـان دەکـەی، ئـەمـما مەجموعـە شـتەکت دەگـوت یەکسـەر دەچـووە نـاو قـەلبم، مەجموعـە شتەکیشـت تێنەدەگەیشتم چ دەڵێی؟ سەیدیش نازانی مەخسەدی چییە یەك لە جەماعەتە مەوجودەکان دەڵێ قیچەك قورئانی لۆ بخینە موحتەمەلە مەخسەدی قورئان بی، فیعلەن سەید دەست دەکا بە قورئان خیندن، دەڵێ بـەڵـێ ئەوەیـە ئـەوەم دەوێ، عیلمـەن ئافرەتەکـە سفورەو کافیرەشـە، سـەبەب چیـە؟ جیهـازی داخیلـی ئافرەتەکەی خوا ئەوهای خەلق کردیە، سەید موجەڕەد نوطق دەکا بە حەڕف و کەلیمات.

وە ئاخیرشت ئـاخیر ئیبتیکـار لـە سـاڵی هەشـتاو پێنج لـە قاهیرە مؤتمر الطبي لاعجاز قرآن الكريم بەسـترا، هەشـتاو پێـنج، سـێ فلیمـە، مامۆسـتا عبدالمجید زنـدانی خـۆی قائیمـە پێـی، موئتەمەرەکـەش رەسمییە، وزەرای ئـەوقافی دوەلـی عـەڕەبی وئەوانـە هـەمووی مـەوجوودن، یـەك مەجموعـە بحـوثی قورئانیی عیلمیی تەقدیم دەکرێ، نازانم کەس هەیـە لێرە دیتبیتـی فلیمـەکان، سـێ فلیمـە مؤتمر الطبـي لاعجاز قرآن الكريم عبدالمجيد زندانی خۆی قائیمە پێوەی، نەشتان دیتبـی إن شـاءالله ببینن فلیمـەکی بەخێرو بەرەکەتە.

یـەك لەوانـە باحیثـەك ئـەمریکی خـۆی موسـوڵمانە ئـەمما ئەمریکیـە لـە ئەمـەریکا تەجروبـەی کردیـە لەسـەر چ؟ لەسـەر قورئـان، ئینجیل، لەگـەل گـۆرانی بێژەکـی ئـەمـەریکی، قورئـانـی تەسجیل کردیـە

لەسەر کاسێت، ئینجیلەکەشی تەسجیل کردیە لەسەر کاسێت، کابرای گۆرانی بێژەکەش تەسجیلاتی هەیە، شریتی هەیە، بە تەسجیل مەجموعە ئەمەریکیەکی هینایە بانگیانی کردیە، ئەوانە موحایدن برێین مولحیدن، ئیمانیان بە خواو بە پێغەمبەری نییە بەتاتەن مەسیحیش نینە، ئەوجە لەناو موئتەمەرەکەی بەحثەکەی خۆی تەقدیم دەکا، طەبعەن بە کاسێتات و بە ئەوە هەمووی ئیستیشهادات دەینی.

غەریبترین بەحثە لە ناو مەوضوع لە ناو هەرسێ فلیمەکەی، کە دەڵێ ئەوەم لۆ لێدەدان قورئانەکەم لێدەدا هەر سێك دانیشتینە گوێ دەدەنێ، طەبعەن ئەجهیزەی کارەباییشی رەبط کردیە ذەبذەباتی قەلب و هی گێ و هی مێشك و ئەوانە هەمووی کەهرەبائییەن رەبطی کردیە بە جیهاز، ئینجیلیان لۆ لێدەدا ذەبذەباتی کارەبای قەلب و مێشکیان هەمووی موعەییەن تەئشیر دەکرێ، لەوێ تەسجیل دەکرێ، نەشیدەکەیان لۆ لێ دەدا نەفسی شت، کە قورئانەکەیان لۆ لێدەدا راحەکی غەریب لەناو داخیلی مێشك و قەلبیان دروست دەبی، عیلمەن هەرسێك هەر مەجموعە مەجموعەکناویان دینی، رسمیشیان مەوجودە ئەوان هیچ یەك ئیمانیان بە خواو بە پێغەمبەری نەبووە پێغەمبەری خۆشیان مولحیدن.

ئیذەن باری تعالی مەفاهیمی ئەو قورئانەی لە داخیلی مە خەلق کردیە، لۆیێ لەبۆ ئیمان هینان شەرت نییە ئەمەئیللا دەبی قورئان فێر بین، ئەلیف و لام و میم فێربین، نەخێر، خالد بن وەلید صەحابی بوو رضي الله عنه وأرضاه بەس (قُلْ هُوَ اللَّهُ (الإخلاص ١)ی دەزانی، تەنقیص نییە لۆ خالید بەس (قُلْ هُوَ اللَّهُ)ی لەبەر بوو، سورەتیتکەی نەدەزانی، (قُلْ هُوَ اللَّهُ) و (فاتیحە)، خالیدیش ئەو خالیدە بوو کە گێتان لێ بووە لە تەئریخی ئوممەی ئیسلامی.

موئمین بوون شەرتە نەك قورئان فێربوون، لۆیێ ئەمە هەموومان قورئان دەزانین بخینین، ئەمما لە ئیمان نەقصمان هەیە، ئیذەن مەفاهیمی قورئانیی ئەصلەن کە باری تعالی پێمان دەرێ ئیمانی پێ بینن، خۆی وەسائیلی ئیمانەکەی لە ناو داخیلمان دانایە بەس رێمان نیشان دەدا، لۆیێ ئیشی پێغەمبەرەکان چی یە؟ یعلمهم، عیلمەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەعلومتانە مێز و کورسی بۆ خەلکی دانەنابوو، ئەلف باء تاء ثاء فێری عالەم بکا، یەك زائید یەك دەکا دوو ئەوەی فێری عالەمێ بکا، ئەوەی کردیە؟ خۆی ئوممی بوو قەلەم و کیتابەی نەبوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم.

باشە چی کرد کیف (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ)؟ ئەگەر داخیلیان تەعلیم نەکرابی، سورەتی عەلەق بخینە، لۆیێ ئەگەر جەنابت مەوجوود بای بەحسی فیعلی ئەکرەممان کرد لە قورئان، بەس ئەو جارە ذیکر کرایە (اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ)،کەریمترین شت باری تعالی لەگەل بەشەری کردبی ئا ئەو تەعلیمەیتی، فیعلەن بە مەفاهیمی قورئانی کەریمترین شتە، لۆیێ هەرچی نیعەم هەیە هەمووی لە کەریمیە، ئەمما ئەکرەم تەعلیمەکەیە بەس لەو جێیەش لە قورئان بە ئەکرەم هاتیە، ما تبقی هەمووی

کەریمە باری تعالی چونکی عەظیمترین شت دەکا بەرامبەر بەشەرییەت، یعلمهم (اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ)،گوتمان تەعلیمیشی کردیە بنیشی شکاندیە یەعنی هیچ فیکرەك هیچ موشکیلەك هیچ قەضیەك ناتانی ئەو فیطرەیەی ئیزاحە بکا بەتاتەننم.

هەر ئیدیعای ئیلحاد و کوفر بکا ئیللا فیطرەی مایە، لۆیێ رۆژی قیامەت کە ئیحیاشی دەکاتەوە (مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ)(المدّثر ٤٢) (قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ)(المدّثر ٤٣) بیگن دەلێ(لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ)(وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ)(المدّثر ٤٤) (وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ)(المدّثر ٤٥)(وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ)(المدّثر ٤٦)(حَتَّى أَتَانَا الْيَقِينُ)(المدّثر ٤٧) لە کێ وەدەلێ چونکی فیطرەی هەرچی غەبەش و تۆزو خۆری کوفرو ئیلحادی ئەوانەی لۆ خۆی دروست کردبوو هەمووی ئیزاحە دەکا.

بەلێ فەرموو پرسیار: ناوی کاسێتەکان چیە؟ وەڵام بەلێ ناوی الاعجاز الطبي في القرآن الكريم، شتەکی ئەوهایە عبدالمجید زندانی سێ فلیمی ڤیدیۆییە وا بزانم دوو سەعاتیشە لە هەشتاو پێنج مؤتەمەرەکە کرایە رەسمییشە موئتەمەرەکە.

بەلێ سوئالی دی عەفوەن.. گێم لێ نەبوو عەفوەن (پرسیار) کاتێك باسی غوفرانت کرد چاوەڕێ بووم باسی تەوبەشمان لۆبکەی تاکوبزانین فەرقی چیە؟ (وەلام) فاصیلە زۆر هەیە بەینی تەوبەو بەینی غوفران، تەوبە جارێ نەگەیشتینێ، یەعنی کە کابرا ئیحساسی کرد ئەوانەی کردیە ئیقدامی نەکردیە، چ بکا ئەو ذاتە تەقصیری هەبوو ئیحساسی کرد شتەکی کردیە بەرامبەر باری تعالی فلیمەکەی خۆی تەماشا دەکا، ئەو هەموو شتە سۆرەی تێدایە ئەمما جارێ قەراری نەدایە چ بکا، ئەو قەراردانە تەوبەیە.

عەفوەن(پرسیار) ئەوڕۆ زۆرە صەراحەتەن(پرسیار)لە موفرە داتی قورئان دەکا؟ إن شاء الله ئەگەر موفرەداتت، نەتبی ئەمن دەتدەمێ إن شاء الله تعالی خۆت موراجەعەی بکە(پرسیار)لە اسمی حەلیمی و شەکوری وەدودی دەکا؟ و بەلێ إن شاء الله ئەگەر هاتینە سەر حەلیمی و سەر شەکوری و سەر وەدودی بە موفەصەلی ئەوەی بەحس دەکەین، ئەمما ئەوە حەلەقەیە لەبیرت نەچی، ئەگەر هاتیەوە دەرسەکیتکە حەلەقەك مایە غەفوڕ وەدودی لەگەلە، کە هاتینە سەر وەدود ئەفعالیتکەشی پێوە مەربوطە، دەلێین غەفور ئەها لە فکرت نەچی وەختی خۆی بەحسمان کرد بەلێ.

یەکێك داوادەکات ووشەکان بەکوردی دەربڕی دوعام لۆ بکەن إن شاء الله ئەوە نەقصەکە تێمدا.

یەك طەلەبم هەیە تو خوا دیسان ئەوە دامنایە هەموو دەرسەکان ئیعادەی بکەمەوە، ئەو دەرسەی لێرە بەحس دەکرێ ئەوە رەئیە، دووەم ئەوەی لێرە گێی دایێ قەناعەتی هات لەبۆ خۆیتی فقط، ئەوەی گێی دایێ قەناعەتی نەهات با دانیشی إن شاءالله هەتا پێکەوە تەفاهوم دەکەین دەگەینە نەتیجە، نەچتە دەرێ ئیشکال لە مێشکی بی گەردەنی ئازا ناکەم رۆژی قیامەت، سێیەم کەس نەبتە ناطق رەسمی لەسەر

زمانی من مەوضوع نەقل کا لەبۆ غەیر، ئەوەی لێرە مەوجودە لەبۆ خۆی، ئەوەی غەیر دەیەوێ تێ بگا لە مەوضوع با لەخزمەتی بین إن شاءالله یەعنی نەبتە موفتی لەسەر دەرسەکەی، بلێ واللە کاك محمد گۆتی فلان شت ئەوها ئیدی ئەمەش وەدەکەین، ئەوە خۆی و خوای خۆی، ئەنگۆ شاهید بن رۆژی قیامەت ئەمن لە مەوقیفی ئەو شەخصەی بەریئم، بەعزە فەتوا درایە لە بەعزە مزگەفتان عەلا ئەساس ئیستیناد کرایتە سەر موحاضەراتی ئێرە، عیلمەن کابرا نەهاتیە موتابەعەی مەوضوعیش بکا بەس گێی لێ بووە فقط، فە لۆیێ رەجائەن وفقی ئەو سێ نوقتەیەی تەعامول لەگەڵ لیقائەکەی بکەین.